# گۆڕانکاری ژیانەوە و مانەوەیە ..

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

زۆربەی ئەو کێشانەی هەرای لەسەرە و دەنگی بێزاری لێ بەرز دەبێتەوە بە زۆری کێشە خزمەتگوزاریەکانە ، دیارە ئەمانیش تێهەڵکێشدەبنەوە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکاندا و هەر هەموو دەبنە ئەو دەنگەی داوای گۆڕانکاری و چارەسەرکردنی کەم و کوڕیەکان دەکات ، پرس لەوەدایە ئایا ئەم کێشانەی ساڵانێکە گلەیی و گازندەیان لەسەرە بە رامبەر دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئیداری بۆ بنج بڕ نەکراون یان ناکرێن ؟ ئایا تەنگژەی بودجەیەکی پڕاوپڕە یاخود نەبونی بەرنامەیە؟ ئەگەری بوونی بەرنامەی پێچەوانەش هەیە لە چارەسەر نەکردنیان بە پێی قۆناغەکە تا دەسکەوت و تەرخان کردنی پارەیی زیاتری لێوە بەدەست بێت لەسەر ئاستی عێراق و نێو دەوڵتی یاخود بەرنامە رێژێکی سیاسیە سەبارەت بە رەوشی کوردستان ..! ؟ ئەم ئەگەرە جاریَ وەلاوە دەنێن و باسێکی تر هەڵدەگرێت . کۆمەڵگەی کوردی لەو دەمەوە خاکی داگیر کراوە و فشارە جۆر بەجۆرەکانی لەسەرە هەمیشە لە هەستێکی بێ مسۆگەریدا دەژی ئەمەش نەك لەسەر رەوتی دامەزراوە ئابوری و بازرگانیەکانی رەنگیان داوەتەوە بەڵکو لەسەر حاڵ و بار و بۆچونە سیاسیەکانیش رەنگیان داوەتەوە و هەربۆیە لەهەلرەخسانێکدا هەمیشە ویستویەتی هێندەی ئەو هەلە سودمەند بێت و کۆمەڵێك ویست و مافی خۆیشی بە هەڵواسراوی هێشتۆنەتەوە یاخود کردویەتیە خەونێکی دوری داهاتوو، لەسەر دەمانی رژێمی بەعسی داگیرکەردا بەشی شارەکانی کوردستان لە چەندایەتی و چۆنایەتی نێو پلانە پێنج ساڵیەکانەنی ئابوری عێراقدا هەمیشە کورتیان دەهێنا بە تایبەت لە بوارەکانی هاوردن لە دەرەوەی عێراق و جۆری ئەو کارگانەی بواریان دەدا لە کوردستاندا دابمەزرێن ئەمەو ئەو رەوشە تابەتمەندەی بە دەست سیاسەتی بەعسەوە خولقابوو پارەداری کورد هەستیان بە ئارامی و مسۆگەریەکی پاراستن نەدەکرد، هەربۆیە زیاتر لەو بوارانەدا سەرمایەکانیان دەخستە گەڕ کە مسۆگەریەکی تێدا بوو لە خێرایی ئاڵو گۆڕ و دەبوو لە ماوەیەکی کورتدا ئەو سەرمایەیەی خستبویانەتە گەڕ بهاتایەتەوە دەستیان و ئەم بەگەڕ خستنەشیان لە بوارەکانی بازرگانیەکی سنوردار یان دامەزراندنی ئەو کارگانەی بەرهەمەکانیان فرۆتی بەردەوامی لەسەر بوو کە ئەمیش زیاتر لە کارگەکانی کەرەستەی بیناسازیدا خۆی دەبینیەوە و بولرەکانی بەڵێندەرایەتیش کە بەشێکی زۆری کەرتی بازرگانی سەرمایەداری سەرقاڵی بوون تێپەڕیان نەدەکرد، سەرباری بواری ئەم چالاکیانەش بەشێکی زۆر لە سەرمایەکان لە بواری کڕینی زەوی و خانوو و ئاڵتوندا دەخەوێنرا و مت کرابوون .

هەر لە دوای راپەڕینیشەوە تا ئەمڕۆ ئەو قۆناغ و گۆڕانکاریانەی بەسەرباشوری کوردستاندا هاتووە بە جۆرێکی تر و لە شێوازێکی تردا چالاکیە ئابوری و بازرگانیەکان فشاری مسۆگەر نەبوونی ئارامی و دڵە راوکێو و سنورداریەتی سەربەخۆیی و حەسار و نەشازی چالاکی بانك و نەبوونی کەرەسەی پێویستی دامەزراندن و قۆرخکردنی دەم مۆنۆپوڵکاری رۆڵی خۆیان گێڕاوە لە سستی و فرەوان نەبوون و گۆڕنکاری چالاکیەبنچینەییەکاندا.ئەمە لە کاتێکدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە دوای هەر یەك لە قۆناغەکانی دوای راپەڕین و وەستانی شەڕی نێو خۆ و دارمانی دکتاتوریەتی بەغدا ئارەزومەندی گۆڕانکاری زیاتر و دەسکەوتی زیاتر بوون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کە بۆ خۆی ئەمە ویستێکی ئلساییە و کۆمەڵگەی مرۆیی لەهەر جێیەکی ئەم گۆی زەمینەدابن نەك پێ بە پێی گۆڕانکاری رەوشە

سیاسیەکان پەڵکو هەندێك جار خێرایی ئارەزویان پێش خێرایی گۆڕانکاریەکانی دەور و پشتیان دەکەوێت، هەربۆیە لێرەدا سەرنجێك لە پرۆسەی گۆڕانکاری دەدەین:

گۆڕانکاری پرۆسەیەکی هەمیشە زیندوی بەردەوامە لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و تەواوی سیستەمە ڕێکخراوەکانیدا هەر لە بیئەی مادی و کۆمەلآیەتی و داب و نەریت و شارستانی و بەها و گەشەی فەسلەجی مرۆیی تا بە کەژ و سروشتد دەگات، بە تایبەت زەمەنی ئەمڕۆش زەمەنی گۆڕانکاریە خێراکانە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلآیەتی و هزر و ئابوری و تەکنەلۆژیادا ئەو زەمەنەیە کە خێرایی هات و چۆ لە ( 8 ) میلی/ کاژێرێکی (6000) ساڵی پێش زاینەوە ئەمڕۆ گەشتۆتە( 18000 ) میل/ کاژێرێك کە لە نێو پرۆسەکەدا لە بەکارهێنانی ئاژەڵەوە تا بە گالیسکە و ترەین و ئۆتۆمبێل و رۆکێت دەگات گۆڕانکاری رویداوە و شانبەشانی ئەمیش شۆڕشی زانستی لە گۆڕان و گەشەکردندا بووە، ئاستی تونای تێگەیشتن و گونجاندنی مرۆڤیش گۆڕانکاری زۆری بە خۆوە بینیوە بەجۆرێك هێندێك جار خێراتر لە رەوشەکەی چوار دەوری، دەرئەنجامی ئەم گۆڕنکاریانەش خواستەکان زۆر و جۆراو جۆر دەبن و لە کاتی جێبەبەجێ نەبونیاندا ململانێ و پێکدادانەکان سەرهەڵدەدەن، بۆ گونجانیش لەگەڵ ویست و گۆڕانکاریەکاندا سەرخانەکانی کۆمەڵگە کە لە شتە ڕێکخراوە کراوەکاندا خۆیان دەبیننەوە هەمیشە ئاوێتەی سروشتە دەرەکیەکەی خودی خۆیانن کە ئەمیش لە شێوەی سیستەم و هێزی ئابوری و کۆمەلآیەتی و سیاسی و یاسایی و تەکنەلۆژیای سەردەمدا دەبینرێت، ڕێکخراوە سەرخانەکانیش بۆ خۆی هەمئاهەنگی بارودۆخێکی ئارامە تا بتوانێت گونجانی هەبێت بەرامبەر سروشتە دەرەکیەکە چون لە مسۆگەری گۆڕانکاری و پێشکەوتندا سروشتی دەرەکی شیاو هەلی ڕێکخراوەکانی سەرخانە تا سودیان لێوەربگرێت لە گۆڕانکاریەکاندا و خۆی بگونجێنێ ، کە بۆخۆی ئەم هاوکێشەیە جارێکی تر دەبێتەوە بە یاسا و ڕێسا و پابەندبونێکی تر بۆ خودی خۆی ، ئەم شێوازە توانای گونجان و نوێبونەوەی ڕێکخراوە سەرخانەکانە و لە پەرجەستەبوونی ئەم پرۆسەیەشدا هەمیشە تەوازنێکی دەینەمێکی را دەگیرێت و پرۆسەی گۆڕنکاری کۆمەلآیەتی دێتە گۆڕێ . ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە گۆڕانکاریە بە پلانەکانن و کۆمەڵێك ئامانجی دورو نزیك لە خۆ دەگرن دیاریشە لە یەکەیەکی ڕێکخراوی بچوکی نێو کۆمەڵگەوە بۆ گەورە تر و فرەوانتر ئامانجەکان و گۆڕانکاریەکان جوداکاریان تێدا هەیە ، لە هەموو شێوازەکانیشدا گۆڕانکاریەکان بە خزمەتی مرۆڤایەتی دەشکێتەوە بەر لە هەموو شتێکی تر، دیارە ئەم گۆڕنکاری بەرە و پێش چونەش کاتێك ساز دەدرێت یەکەی ڕێکخراو پەرۆشی گۆڕانکاریی و خۆگونجاندنەکە بێت لەگەڵ فشاری سروشتە دەرەکیەکە و لەمیشەوە فشار بۆ سەر تاکەکانی یەکە ڕێکخراوەکە تا گونجانیان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا هەبێت .هەندێك جار لەگەڵ پوونی پەرۆشی گۆڕنکاریدا هەنگاوێکی تەواوی بۆ نانرێت یان بەرهەڵستکاریشی دەکرێت ئاکامی خراپ تێگەیشتن لە دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاری و ترسان لە زیانی مادی و لەدەستدانی دەسەلآت و هاتنە ئارای پەیوەندیەکی نوێ ی وا لە نێوان تاکەکان و سەرو خوارەوەدا مەزنی تیا ریسوا ببێ یاخود راهاتن لەسەر رەوتێکی کار و بەرژەوەندیەکی تایبەتمەند و هەستکردن بە جۆرێك فەرمانی دەم فشار و ناچارکردنیانە بۆ گۆڕانکاریەکان، کە هەموو ئەمانە خوێندنەوەیەکی هەڵەی پێداویستبوونی گۆڕانکاریەکانە ، تێگەیشتنی دروست لە گونجان خۆ راهێنانە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمی دنیادا ، هەموو پەرۆشبونێکی گۆڕانکاری و نوێبونەوەش درێژە دانە بە ژیان و دەسەلآت نەك بە پێچەوانەوە .لەم روانگانەوە مرۆی کورد لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی تێگەیشتن و هەستکردنی بۆ مسۆگەر بوونی پێداویستیەکانی ژیانی پێش رەوشە ئابوری و سیاسی و کۆمەلآیەتیەکە دەکەوێت و فشار دروست دەکات لەسەر یەکە ڕێکخراوەکان بە ڕێکخراوەی سیاسی دەسولآتداریشەوە و ناتوانێت بێدەنگ بێت لە بەر دەم گەندەڵی و کەم و

کوریەکان و سستی رەوتی گۆڕانکاریەکان و بەردەوام داوای گۆڕانکاری خێرا تر دەکات، دەیەوێت یەکە رێکخراوەییەکان و تاکەکانیان گونجاو بن لەگەڵ ویستەکانی کۆمەڵانی خەڵك نەك کۆمەڵانی خەڵك گونجاو بن لەگەڵ ویستی یەکە رێکخراوەکان .لە گۆڕانکاری بێ پلانیدا یەکە رێکخراوە سەربەخۆکانی کەرتی تایبەتیش ناتوانن جگە لە سنورداریەتی بەگەڕخستنی سەرمایە چی تر بکەن و هەموو توانایەکی خۆیان نادەنە دەست تەنگژەیەکی بە پلان یان خۆ رسکی هەر بۆیە بەگەڕخستنی سەرمایە ئەمڕۆ لەو بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە کە مسۆگەری لە قازانج و بە زوویی سەرمایە هاتنەوەدەست و هەبوونە نەگۆڕە بێ بەرهەمیەکانی وەك موڵك و ئاڵتونە، لێرەشەوە توێژێکی فرەوان لە کۆمەڵگە بە چەندین یەکەی رێکخراویەوە توانای بەشداری کردنی تەواویان نابێ لە پرۆسەی گۆڕانکاریەکاند و رۆڵی ئەمانیش جارێکی تر دەبێتەوە بە فشار لەسەر یەکەی دەسەڵاتدار بە تەواوی دامەزراوەکانیەوە .